# ڕۆژنامەی ( کوردستان ) پێشەنگی ڕۆژنامەی کوردییە و لاپەڕەکانی مێژوومانی نەخشاندوە

حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ
husin966@yahoo.com

بنەماڵەی بەدرخانیەکان پاش هەرەسهێنانی دەسەلاتەکەیان و کوژانەوەی مۆمی تەمەنی میرنشیەکەیان بەدەستی ئیمپراتوریەتی عوسمانی ( بەتێفکرینی هەندێك مێژوونوس ئەو میرنشینە هەولێك بوو بۆ دروست بوونی کیان و دەولەتی سەربەخۆی نەتەوەی کورد ) ، پاش ئەوە شکست ونوچدانە ، پاش ئەو هەڵبڕان و ئاوارە بوونە بەدرخانیەکان دەستبەرداری کوردایەتی و خەباتکردن نەبوون ، لەپێناو ئازادی و سەربەخۆی کۆمەلگای کوردیدا تێدەکۆشان و ڕێگایەکی نوێیان گرتەبەر بۆ خزمەتکردن و بەئاگا هێنانەوە و هوشیار کردنەوەی کۆمەلگای کوردی ، ئەویش لەرێگای لەچاپدان و دەرهێنانی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییەوە بوو کە وەکو ئەستێرەیەکی دروشاوەی میژووی کورد لاپەڕەکانی مێژووی نەخشاندوە .

داگیرکەرانی کوردستان مەفەر و بوار و ڕێگەیان نەدا یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە ماڵ و مەئوا و زێد و خاك و نیشتیمانی خۆیدا لەدایك بێت فرچك بگرێت بۆیە لەخاکی غەریبی و لە تاراوگەدا ئەو ڕۆژنامەیە بەزمانی کوردی کەوتە بەر دیدی خوێندەوارانی کورد و ڕۆشنای بینی و هاتە مەیدانی جۆشدانەوەی خەبات و کوانوی کوردایەتی گەشاندەوە و چرایەك بوو بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگا تاریك و نوتکەکان و پەرەسەندن و برەودان بەهەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی و هاوشانی نەتەوەکانی تری جیهان کوردیش بووە خاوەن ڕۆژنامەیەك کە بە زمانی خۆی دەرچوو .

میسر لەژێر رکێفی دەولەتی عوسمانیدا بوو بەلام لەلایەن بەریتانیاوە لەسالی 1802ز داگیرکرا بوو هەر بە ناو سەر بەدەولەتی عوسمانی بوو ، ئەگینا ئەو دەولەتە لەلایەن فەرمانبەرانی بریتانیاوە بەڕێوە دەچوو ، بەرهەلسکاران و ئۆپۆزسیۆنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕوویان دەکردە ولاتی میسر و لەوێ چالاکی خۆیان ئەنجام دەدا ، ئەو ولاتە خاوەن میرات و سەروەت و سامانێکی زۆر بوو لەبواری ڕۆشنبیری و چاپەمەنی و بلاوکردنەوەدا.

109ساڵ لەمەوبەر لەڕۆژی 22ی نیسانی 1898ز یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بەناوی ڕۆژنامەی ( **کوردستان** ) لەلایەن میقداد مەدحەت بەدرخان و عبدالرحمن برایەوە

لەچاپخانەی **(الهیلال)** لە وڵاتی میسر دەرچوو ، ئەو ڕۆژنامەیە تەنها ( 31 ) ژمارەی لێدەرچوو کە دوایین ژمارەی لە 14ی نیسانی 1902 دەرچوو ، بەهۆی فشار و پاڵەپەستۆی دوژمنانی کوردەوە ئەو ڕۆژنامەیە چەند جارێك شوێنی دەرچوونی خۆی گۆڕی بۆ چەند شوێنێکی تر وەك (جنێف ولەندەن و شوێنانی تر ) تاکو ئەو دەنگە زوڵاڵ و رەسەنە کپ و خەفە نەبێت و بانگەشە بۆ رابوونێکی تر بکات ، تەنانەت دەوڵەتی عوسمانی لەساڵی 1900بەشێوەی غیابی بڕیاری بەندکردنی هەتاهەتای بۆ میقداد و عبدالرحمن برای دەرکرد و رێگای نەدەدا ئەو رۆژنامەیە بێتە کوردستان و خەڵکی کوردستان پێی شاد و سودمەند بن و کار لە کایە رۆشنبیریەکانی هەناوی کۆمەڵگای کوردی بکات .

ئەم ڕۆژنامەیە بووە پێشەنگ و ڕچەشکێن بەدوای خۆیدا چەندین ڕۆژنامەی دیکەی هێنا و دەروازەیەکی نوێی لە رووی ئازادیخوازان و نیشتمانپەروەرانی کورددا ئاواڵە کرد و بووە مینبەری راستگۆی و کۆکردنەوەی زاراوەکانی کورد لەسەر خوانی ئاوەز و هزری رۆشنفکرانی کورد و باس و خواس و تێڕوانینەکانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی بەیەك دەگەیاند ، خوێندەوارانی کوردی ئالودە و هۆگری خوێندنەوە و دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردی کرد ، ئێستاش ئەو رەوت و کاروانە بەردەوام بە شێوەیەکی سەردەمیانە و بابەتیانە ، یەکەم هەنگاو بنەماڵی بدرخانیەکان دەستیان پێکرد و شێوازێکی نوێیان هێنایە ئاراوە تاکو هانی خەڵکی کوردستان بدەن بۆ خوێندن و فێر بوون و زانیاری وەرگرتن ، هەرچەندە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا ژمارەیەکی کەمی لێدەرچوو بەلاَم هەنگاوێکی بوێرانە و دەستپێکێکی داهێنەرانە و پڕ لە ئەفراندن بوو جوڵەیەکی لە بزاوت نەکەوتن بوو بۆیە تاکو ئێستا بووتە جێگای شانازی هەموو کوردێك ئەگەر لە هەر کوێی دونیا بژێت .

میللەتێك ئەگەر کیان و دەوڵەتی نەبێت و دوژمنان هەوڵی ئەوە بدەن هەموو دەنگەکانیان لە گەرووداا قەتیس بکەن و بەگشت ئامرازی و شێوازێك بەربەرەکانی و دژایەتی بکەن ، سەرباری ئەوەش لە هەرکوێدا دەرفەتی بۆ رەخسابێت و بۆی رێکەوت بێت دەنگی هەقخوازانەی خۆی هەڵبڕیوە وبێباك بووە لە هەموو هەڕەشە و گوڕەشەیەکی نەیاران و ناحەزانی ئەبێت کاروانەی ئەو میللەتە بگاتە مەنزڵ ئەویش خۆی لە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەی سەربەخۆدا دەبینێتەوە .

بۆ مەزنی و شکۆداری ئەو رۆژە مێژووییە ئێستا لە کوردستاندا رێکەوتی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی بووتە رۆژی رۆژنامەگەری کوردی یادی بەخێر و بەرز ڕادەگیرێت ، دەبا

ئەمسالْ ئەو یادە بکەینە سەرمەشق بۆ قوڵکردنەوە گیانی نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری و راستگۆیانە هەموومان ( رۆژنامەنوسان و خوێنەران ) پەرۆشی بەرەو پێشەوە بردنی ئەرکە نیشتمانیەکانمان بین و رۆژنامە ببێتە خوان و مینبەرێك بۆ هاوکۆك بوونمان بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانمان و بە راشکاوانە پەنجە لە سەر خاڵە لاوازەکانمان دابنێین .

هەزاران سلاّو  بۆ گیانی پاکی بەدرخانیەکان ، سلاّو لەو شەوانەی کە خەو لە چاویان تۆرا بوو تاکو لەهزریاندا ژانی لە دایك بوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی لە دایك بوو ، سلاّو لە گشت هەقبێژ و راستگۆکانی بواری رۆژنامە نوسی کوردی .